
د. ئازاد حەمەشەریف

# سێ پارچە شیعری رۆبەرت فرۆست

## ١٨٧٤-١٩٦٣



* ساڵی ١٨٧٤ لە شاری سان فرانسیسکۆ لەدایک بووە.
* لە سەرەتادا هیچ گۆڤارێک شیعری بۆ بڵاو نەدەکردەوە و هیچ کەس دیوانەکانی چاپ نەدەکرد.
* ساڵی ١٩١٢ هاتە وڵاتی ئینگلتەرا و دوای دوو ساڵ مانەوە لەوێ ناوبانگی پەیدا کرد.
* ساڵی ١٩١٥ کە گەڕایەوە ئەمریکا بە یەکێک لە پێشەنگەکانی شیعر لەوێ دانرا و هەموو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە شیعرەکانیان بۆ بڵاو دەکردەوە. .
* شێوازی نووسینی ساکار و راستەوخۆ و راستخوازانەیە.
* لە زۆربەی شیعرەکانیدا نەوایەکی رۆمانسیانە و ئەتمۆسفیرێکی رۆمانسیانە بەرچاو دەکەوێت.
* بابەتی خۆماڵی و ژیانی ساکاری گوندنشینان و جوانی سروشت سەرنجی شاعیری بۆ لای خۆی راکێشاوە.
* بەباشترین شاعیری چیرۆکخوانی سەدەی بیستەم دادەنرێت.

وەرە ژووریّ
کاتیّ گەیشتمە قەراغی دارستانێک،
دەنگی مۆسیقاوی باڵدارێکی جوڕە دەهات!
ئێستا ئەگەر دەریّ زەردەپەڕبێت،
ناودارستانیّ تاریکستانە.

ناودارستانیّ زۆر تاریکە بۆ مەلێک
کە بە باڵە نازدارەکانی
هێلانەکەی بۆ ئەمشەوی خۆی چاک بکات،
هێشتاش لە چریکە نەکەوێت.

دوایین تاڵە رووناکی خۆر
کە لە رۆژئاوادا گیانی سپاردبوو،
هێشتا بۆ گۆرانییەکی دی زیندوو بوو
لە ناو سینەی جوڕەیەکدا.

ئاوازی جوڕەکە بۆ دوور
بەناو ئەو تاریکاییە ستوونئاسایەدا رەت دەبوو
هەر دەتگوت پێت دەڵیّ وەرە ژووریّ
بۆ ناو تاریکی و پرسەداری.

بەڵام نەخێر، من لەبەر ئەستێران چووبوومە دەریّ،
پێم خۆش نەبوو بچمە ژووریّ.
دەڵێم ئەگەر پێشم بگوترابووایە نەدەچووم،
بەڵام هەر داواشم لیّ نەکرابوو.

(١٩٤٢)

## ئاگرو سەهۆڵ

**هەندێک دەڵێن دونیا بە ئاگر کۆتایی دێت،**
**هەندێکی دی دەڵێن بە سەهۆڵ.**
**بەوەی کە من چێژم لە ئارەزوو بینیوە**
**من لەگەڵ ئەوانەم کە ئاگریان پێ باشترە،**
**بەڵام ئەگەر ئەم دنیایە دووجار تێک بچێت،**
**ئەوەندەی من لەبارەی رق و کینەوە دەیزانم**
**دەتوانم بڵێم بۆ لەناوبردن**
**سەهۆڵیش مەزنە و**
**بەشی ئەو کردارە دەکات.**

(١٩٢٣)

## هیچ شتێکی زێڕ نامێنێت

**یەکەم سەوزی سروشت زێرە،**
**پتەوترین رەنگی خۆی دەپارێزێت،**
**یەکەم گەڵای ئەو گوڵێکە،**
**بەڵام بۆ تاقە کاتژمێرێک.**
**جا گەڵا دەکەوێتە ژێر گەڵاوە.**
**ئاواش بەهەشت لەخەفەتا نقووم بوو،**
**ئاواشە کە زەردەی بەیانی دادەبەزێت و دەبێتە رۆژ،**
**بۆیەش هیچ شتێکی زێڕ نامێنێت .**

(١٩٢٣)